# ديوی دووه‌می ................................
# ....................... هه‌ناسه‌كانی هۆشه‌نگ

هه‌ندرێن حه‌مه‌ده‌مین
Handren88@hotmali.com



له‌نێوانی مانگ و ئه‌ستێره‌كاندا
گه‌مه‌ی منداڵه‌كانی خوا

*****

له‌ نێوان گوڵ و په‌پوله‌كاندا
باخه‌وان و قوتوی ژه‌هر

*****

له‌ نێوان شه‌و و ماچدا
رووتبوونه‌وه‌

*****

له‌ نێوان من و خوادا
هیچ

*****

له‌ نێوان فریشته‌ و بادا
گوڵه‌كانی شه‌یتان

*****

له‌ نێوان هه‌ور و گیادا
خه‌ونه‌كانی كچێتی خوا

*****

له‌ نێوان مێخه‌ک و مه‌مكدا
په‌نجه‌ نه‌دیتكه‌كان

*****

له‌ نێوان دارستان و كتێبدا
پیاسه‌ی عاشقه‌كان

*****

له‌ نێوان شیعر و مامزدا
شاعیرێكی راوچی

*****

جیاوازی شه‌و و پیاو

**خۆشاردنەوە**

*****

**جیاوازی دەریا و شوان**

**شمشاڵ**

*****

**جیاوازی خوا و باران**

**بوون و نەبوون**

*****

**جیاوازی کانی و پەنچەرە**

**جۆگەڵە**

*****

**لە نێوان شەیتان و مرۆڤدا**

**گەمەکانی خوا**

*****

**لە نێوان مێروولە و گەنمدا**

**کونە رەشەکان**

*****

**لە نێوان زمان و نووسیندا**

**نووسەرەکان**

*****

**لە نێوان مردن و ژیانەوەدا**

**چاپکردنی دەسنووسەکان**

*****

**لە نێوان کۆمپیوتەر و پەنچەکانم**

**کیبۆرد**

*****

**لە نێوان دۆزەخ و دەنگم**

**چاوەڕوانی**

*****

**جیاوازی ژن و فریشتە**

**لەزەتی شەوی پەردە**

*****

**جیاوازی روح و جەستە**

**قەبارەیە**

✻✻✻✻✻

**له نێوانی ئاگر و خەیاڵدا**

**ئاگردان**

✻✻✻✻✻

**له نێوان نووستن و نووسیندا**

**خەون و زیندەخەون**

✻✻✻✻✻

**له نێوان سەفەر و گیرسانەوەدا**

**ژیان و مردن**

✻✻✻✻✻

**له نێوان سەما و گریاندا**

**خۆکردنەوە**

✻✻✻✻✻

**له نێوان ئاسمان و ئازادیدا**

**یاسا**

✻✻✻✻✻

**له نێوان ڕەنگ و مناڵیدا**

**کاڵبوونەوە**

✻✻✻✻✻

**له نێوان مەم و زین ولاس و خەزال وخەج و سیابەنددا**

**خانێ و ئەو و ئەو**

✻✻✻✻✻

**له نێوان چاو و برۆدا**

**جیهانێک له نهێنی**

✻✻✻✻✻

**له نێوان سمێڵ و کەپوودا**

**ئەو هەناسانەی ناگەنە دەم**

✻✻✻✻✻

**له نێوان پەنجە و دەستدا**

**هەڵگرتنی گەرمی خۆشەویست**

✻✻✻✻✻

**له نێوان دڵ و خوێندا**

**ململانێ**

✻✻✻✻✻

**جیاوازی مۆم و قەڵەم**
**یەکیان لەنێو پەنجە دائەگیرسێ و**
**ئەوەیتریان بە شخارتە**

✻✻✻✻✻

**لە نێوان کچێنی و ژنایەتدا**
**ترسێکی خۆش**

✻✻✻✻✻

**لە نێوان چیرۆک و هەقایەتدا**
**زمان**

✻✻✻✻✻

**لە نێوان نیشتمان و خۆشەویستیدا**
**تۆران و ئاشبوونەوە**

✻✻✻✻✻

**لە نێوان دار و پەلکەکاندا**
**وەرزەکانی تەمەن**

✻✻✻✻✻

**هاژە هاواری ئاوە**

✻✻✻✻✻

**خشپە ماچی گەڵا و خۆڵە**

✻✻✻✻✻

**مرچ دەنگی کردنەوەی دەرگاکانی روحە**

✻✻✻✻✻

**ئاوزینگ دەنگی شەڕی مردن و ژیانە**

✻✻✻✻✻

**لێستنەوە**
**هەندێک جار دەسپێکردنە و**
**هەندێک جار کۆتایی**

✻✻✻✻✻

**خواردن**
**خۆزگە شەش مانگ یەکجار بوایە**

✻✻✻✻✻

**روناکی**
**ئاشکراکردنی نهێنیەکان**

✻✻✻✻✻

**چرا کوژاندنەوە**

**خۆدا پۆشین**

❊❊❊❊❊

**نووسین لەسەر وۆرد**

**رازیکردنی پەنجەکانی هەردوو دەستە**

❊❊❊❊❊

**مەسیجەکانی مۆبایل**

**خێراترە لە ناردنی نامە**

❊❊❊❊❊

**قسەکردن بە ئەنتەرنێت**

**بەزاندنی سنورەکان**

❊❊❊❊❊

**چەتینگ**

**راکردن لە تەنیایی**

❊❊❊❊❊

**برنتیک**

**ژیان دانەوە بە کاغەز**

❊❊❊❊❊

**سپلێت**

**کوێستان و گەرمیان**

❊❊❊❊❊

**جگەرەکێشان**

**لە ئاودەست دەسپێئەکات**

❊❊❊❊❊

**کتێب**

**پیاسەکردن بەناو کەسانیتردا**

❊❊❊❊❊

**خەتخەتانێ**

**سنور و چاودێری**

❊❊❊❊❊

**کەلایانێ**

**پێکبەستنوەی چاو و پەنجە**

❊❊❊❊❊

**بلیارد**

هەندەسەی گۆشەکان

*****

پێنجوکانێ
کرمیکردنی یەکتر

*****

پینگ پۆنگ و تێنس و فۆتبۆل
سەمای تۆپەکان

*****

پێناسە
خۆبەستنەوە

*****

ناو
کە لێت ئەنێن شاردنەوەی تۆیە
لەناو خۆیاندا
کە لەخۆت ئەنێیت
ئازادکردنی خۆتە لەواندا

*****

رشانەوە
گرژبوونی روحە

*****

منداڵ لەبەرچوون
نەکردنەوەی گرێکانی دەرونە

*****

لە نێوان دیوار و پەنجەرە و دەرگاکاندا
رەشبەڵەک

*****

لە نێوان باخچە و گوڵدا
گەمەی وەرزەکان

*****

لە نێوان هەر گوڵێک و گوڵێکدا
فرینی پەپولەکان

*****

لە نێوان سویچ و چرادا
وایەر

❊❊❊❊❊

**لە نێوان حەرفەکانی کیبۆرددا**

**کۆمەڵێک کەلێنی پڕ نهێنی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان جگەرەکانی پاکەتێکدا**

**چاوەڕوانی دابڕان**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان دوو شیعردا**

**پێشبڕکێ**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان کلیل و قفڵدا**

**پەیوەندیەکی جەستەیی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان نەوت و فتیلە و شقارتەدا**

**چیرۆکەکانی خۆ سوتاندن**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان زستان و سۆبە**

**ئاگر**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان بەهار و گیادا**

**ملیۆنەها نهێنی**

❊❊❊❊❊

**لە نێوان ژیان و مردندا**

**تەمەن**

❊❊❊❊❊

**گیزینگ**

**ماچی خۆر و زەوی**

❊❊❊❊❊

**تریفە فێرە خۆشەویستیمان ئەکات**

❊❊❊❊❊

**هەتاو عاشقی زەویە**

**بۆ ساتێکیش چاوی لێهەڵناگرێ**

❊❊❊❊❊

**وێنە پڕکردنەوەی بۆشایەکانی دیوارە**

❊❊❊❊❊

**جگەرە بۆ تەپڵەک خۆی ئەسوتێنێ**

**قاوە بۆ فنجان**

❊❊❊❊❊

**ئۆتۆمۆبێل دیلی شوفێرە**

❊❊❊❊❊

**شۆڕتی کارەبا بەبیر هێنانەوەی هەورەتریشقە**

❊❊❊❊❊

**هەور لە بوونە تەزرەش بێزارە**

❊❊❊❊❊

**پەپولە جگە لە گوڵ هاوڕێیتر نادۆزێتەوە**

❊❊❊❊❊

**مێش بە هیوایەک ئەژی کەس لێی تێناگا**

❊❊❊❊❊

**سەگە تۆڕیەکان بەدوای ماڵەکانی وەفادا ئەگەڕێن**

❊❊❊❊❊

**کۆترە کێویەکان ووشەی شەڕەف لە کۆترکانی بیابان فێربوون**